کاتێک خەڵکی نوێژی بەیانیان دەکرد لە مزگەوتی قوبائدا؛ کەسێک هات، ووتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمشەو (هەندێک ئایەتی) قورئانی بۆ دابەزیووە، وفەرمانی پێکراوە بەوەی کە ڕوو لە ئاراستەی قیبلە بکات، بۆیە ئەوانیش ڕوویان لە ئاراستەی قیبلە کرد

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «کاتێک خەڵکی نوێژی بەیانیان دەکرد لە مزگەوتی قوبائدا؛ کەسێک هات، ووتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمشەو (هەندێک ئایەتی) قورئانی بۆ دابەزیووە، وفەرمانی پێکراوە بەوەی کە ڕوو لە ئاراستەی قیبلە بکات، بۆیە ئەوانیش ڕوویان لە ئاراستەی قیبلە کرد، ولە کاتی سەرەتای نوێژەکەدا ڕوویان بەرەو ئاراستەی شام بوو؛ بۆیە ڕوویان وەرگێڕا بەرەو ئاراستەی کەعبە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

یەکێک لە هاوەڵان دەرچوو بەرەو مزگەوتی قوباء کە لە دەوروپشتی شاری مەدینەیە، بینی کە ئەو خەڵکەی لەو مزگەوتە نوێژ دەکەن؛ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی نوێژکردن بەرەو قیبلەی یەکەمیان پێنەگەیشتووە، وهێشتا بەرەو ئاراستەی شام (بەرەو ئاراستەی -بیت المقدس- نوێژ دەکەن)، بۆیە ئەم هاوەڵە پێیانی ووت کە ڕوو لە کەعبە بکەن چونکە لەمەودا کەعبە دەبێتە قیبلەی مسوڵمانان، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قورئانی بۆ سەر دابەزیووە سەبارەت بە ئەم مەسەلەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: { قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّهِمْ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ} [البقرة: 144] واتە: {بەڕاستی ئێمە گەڕانی ڕووخسارت ڕوو بەئاسمان دەبینین دەی سوێند بە خودا ڕووت دەکەینە ڕووگەیەک -قیبلەیەک- کە بە لاتەوە پەسەندت بێت وڕازی بیت پێی ئیتر ڕووت وەرچەرخێنە بەرەو لای کەعبە (مسجد الحرام) ئێوەش ئەی موسڵمانان لەهەر لایەک بوون (لە نوێژدا) ڕووتان وەربگێڕن بەرەو ئاراستەی (مسجد الحرام) بە ڕاستی ئەوانەی پەڕاویان پێدراوە چاک دەزانن کە ئەمە شتێکی ڕاستە لە پەروەردگاریانەوە، وخودا بێ ئاگا نییە لەوەی کە دەیکەن}، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژدا ڕووی لە کەعبە کرد، بۆیە لە نیشانەی دروستی وخێرایی تێگەیشتنیان دەستبەجێ ڕوویان سوڕاند لە ئاراستەی شامەوە (بیت المقدس-)ەوە بەرەو ئاراستەی کەعبەی پیرۆز -قیبلەی دووەم-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3009